**ئەنجومەنی دادوەری**

**ژمارە:١١٣٥ لە ٢٠٢١/٥/٢٠**

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١**

ئاماژە بەبڕیاری ئەنجومەنی دادوەری ژمارە (١٩) لە ٢٠٢١/٥/٣ لەسەر داوای وەزارەتی كاروكاروباری كۆمەڵایەتی / بەڕێوەبەرایەتی كاروباری یاسایی بەنووسراویان ژمارە (١٠٠٣ لە ٢٠٢١/٢/٢٢) وە لەبەر بەرژەوەندی گشتی وە بەپێی ماددەی (١٣٧) لە یاسای كار ژمارە (٧١)ی ساڵی ١٩٨٧ی هەمواركراو و ماددەی (٣٠) لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ ئەنجومەنی دادوەری بەكۆی دەنگ بڕیاریدا بە :

١- كردنەوەی (استحداث) دادگای كار لە سنوری ئیدارەی گەرمیان وە ناوەندەكەی لە قەزای (كەلار) دەبێت و دەبەسترێتەوە بەسەرۆكایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی كەركوك / گەرمیان تایبەتمەند دەبێت بە بینینی ئەو داوا و كاروبارانەی كە بەپێی حوكمەكانی یاسای كار ژمارە (١٧١)ی ساڵی ١٩٨٧ی هەمواركراو دەكەوێتە چوارچێوەی پسپۆرەكەی (المنازعات المدنیة و الجزائیة ).

٢- ئەم بەیانە جێبەجێ دەكرێت لە رۆژی (٢٠٢١/٥/٣) وە لە رۆژنامەی وەقایعی كوردستان بڵاودەكرێتەوە .

**دادوەر / بنگین قاسم محمد**

**سەرۆكی ئەنجومەنی دادوەری**

---

**وەزارەتی داد**

**بەیانی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢١**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بەپێی ماددەی (٩) لە یاسای وەزارە تی داد ژمارە (١٣) ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-

١- ( فەرمانگەی دادنووسی كەلار /١ ) ببێتە (فەرمانگەی دادنووسی ئێوارانی كەلار).

٢- (فەرمانگەی دادنووسی كەلار/ ١ )ببێتە (( فەرمانگەی دادنووسی كەلار ).

٣- (كاتژمێری دەستپێكی دە وام لە (١،٣٠ )ی دوای نیوەڕۆ تاكو (٦،٣٠) ی ئێوارە دەبێت .

٤-لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەكرێت و لە وەقایعی كوردستان بڵاودەكریتەوە .

**فەرسەت أحمد عبدالله**

**وەزیری داد**